دژتیرۆری عێراق دەستگیرکردنی مەترسیدارترین "تیرۆریست"ـی لە بەغدا راگەیاند

ئەمڕۆ یەکشەممە، دەزگای دژتیرۆری عێراق دەستگیرکردنی یەکێک لە مەترسیدارترین تیرۆریستەکانی لە بەغدا ڕاگەیاند، کە چەندین پێستی لەناو ڕەکخراوی تیرۆریستیی داعشدا هەبووە.

لە ڕاگەیەنراوەکی دەزگای دژتیرۆری عێراقدا هاتووە، "پاڵەوانانی دەزگاکە توانیان یەکێک لە مەترسیدارترین تیرۆریستەکان لە بەغدا دەستگیر بکەن، کە فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن دادوەری دەزگاکەمانەوە بە دەرچووبوو."

ئاماژەی بەوەکرد: "ئەم تیرۆریستە لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێت ویلایەتی باشوور بە پێستی (عەسکەری) کاری کردووە، پاشان گواستراوەتەوە بە کارکردن لەناو ویلایەتی نینەوا لە بەشی ناسراو بە (پۆلیسی ئیسلامی)، دواتر بە کارکردن لە (دەستەی شەرعی - کەتیبەی بانگواز) دانراوە و لەدوای ئەوەش گواستراوەتەوە بە کارکردن لەناو ئیدارەی (فرقەی نەهاوەند) لەناو گرووپە تیرۆریستییەکانی داعشدا".